**FCC**
**Consumer Facts**

# ئەنتێنا و تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ

یاسای فیدراڵی لەسەر هەموو ویستگەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی ووزە تەواو پێویست دەکات پەخشەکانیان بەشێوازی ئەنەلۆگ بلاونەکەنەوە وە تەنها بە شێوازی دیجیتاڵی بینێرن لەدوای 17 شوباتی 2009. وێستگەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی لە هەموو بازاڕەکانی ئەمریکا لە کاتی ئێستادا پەخشەکانیان بەهەردوو شێوازی ئەنەلۆگی و دیجیتاڵی بلاودەکەنەوە. ئەگەر تەلەفزیۆنێك یان زیاترت هەیە لە جۆری ئەنەلۆگ بەهۆیانەوە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ بەخۆڕا وەردەگریت بەهۆی بەکار هێنانی ئەنتێنای دەرەکی یان " ئاریێلی گوێ ی کەروێشك" لەسەر تەلەفزیۆنەکە، ئەوا تۆ یان پێویستیت بە تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵی دەبێت ( تەلەفزیۆنێك کەوا ئامێری سازدانی دەنگ و کەناڵی دیجیتاڵی ( تیونەر) تیادایە) وەیان تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگی کەوا بەستراوە لەگەڵ وەرگێڕی نیشانەی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ ( کەوا نیشانەی دیجیتاڵی دەگۆڕێت بۆ نیشانەی ئەنەلۆگی بۆ سەیر کردن لەسەر کۆمەڵەی ئەنەلۆگی خۆت) بۆ ئەوەی بەردەوام بیت لە سەیر کردنی بەرنامەکانی وێستگەکانی پەخش کردنی تەلەفزیۆنی ووزە تەواو. ئەم لاپەڕەی زانیاریەکانی ( Fact Sheet) زانیاریت پێدەدات دەربارەی ئەنتێنا ( ئاریێل)لەگەڵ چۆنیەتی وەرگرتنی پەخشەکانی دیجیتاڵی لەناو تەلەفزیۆنەکەت بەشێوەیەکی زۆر باش.

---

**<u>هەوڵ بدە سەرەتا ئەم ئەنتێنایەی( ئاریێل)کە هەتە بەکاری بهێنیت</u>**

سەرەتا زۆر گرنگە ئەوە بزانیت کەوا ئەگەر ئەم تەلەفزیۆنەی کە ئێستا هەتە پەخشی تەلەفزیۆنی بە شێوەیەکی باش و ڕوون وەردەگرێت لەسەر کەناڵەکانی ئەنەلۆگی 2-51 بە هۆی ئەنتێنایەك ، دەبێت ئەم ئەنتێنایە بتوانێت نیشانەکانی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ (DTV) وەربگرێت ، لەوانەش نیشانەکانی تەلەفزیۆنی جۆری ئاست بەرز (HDTV) بەبەکار هێنانی هەمان ئەنتێنا. پێویست ناکات تۆ ئەنتێنایەکی"DTV " یان "HDTV " بکڕیت بۆ وەرگرتنی نیشانەکانی DTV یان HDTV . هەرچۆنێك بێت دەبێت بەکارهێنەران تێبینی ئەوە بکەن کەوا ئەگەر وەرگێڕی ( کۆنڤێرتەر )نیشانەی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ بەکار بهێنن ، ئەوا هێشتا پێویستیان بە بەکارهێنانی ئەنتێنایەك هەیە بۆ وەرگرتنی نیشانەکانیDTV .

پێش ئەنجامدانی هەر گۆڕانکاریەك بۆ ئەنتێنایەکەت وەیان سیستەمی ئەنتێنایەکەت ، دەبێت تۆ بزانیت ئەگەر ئەنتێنایەکەت دەتوانێت ئەم نیشانانەی دیجیتاڵی وەربگرێت کەوا لە ناوچەکەی تۆ پەخش دەکرێن. ئەم ئەنتێنایەی کەوا ئێستا هەتە ببەستە لەگەڵ تەلەفزیۆنێکی دیجیتاڵی وەیان لەگەڵ وەرگێڕی ( کۆنڤێرتەر )نیشانەی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ کە لەگەڵ تەلەفزیۆنێکی ئەنەلۆگی بەسترابێت. دڵنیابە لەوەی کەوا تەلەفزیۆنەکەت بەشێوەیەك ئامادە کراوە کەوا بتوانێت پەخشەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەربگرێت ( بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی کەوا بەستراوە بە وێستگەیەك پەخشی بە پارە وەکو کۆمپانیایەکی تەلەفزیۆنی گەیەنراو یان بێ تەڵ ( بەهۆی سەتەلایت وەیان کێبڵ).هەروەها لەوانەیە ئەنجامدانی " سکانی کەناڵەکان" یارمەتیدەر بێت کە تیایدا تەلەفزیۆنەکەت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەزانێت کەوا توانای نیشاندانی کام کەناڵی هەیە. لە زۆربەی حالەتەکاندا ئەمە هەموو شتێکە کەوا تۆ پێویستیت پێیەتی بۆ سەیر کردنی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ.

**<u>یارمەتیەکان لەکاتی سەرهەڵدانی گیروگرفتی وەرگرتنی نیشانەکان</u>**

ئەگەر تووشی گیروگرفتی وەرگرتنی نیشانەکانی تەلەفزیۆنی بوویت ، ئەوا ئەم زانیاری و ڕێنمایانەی خوارەوە یارمەتیەت دەدەن لە چۆنیەتی باشتر کردنی وەرگرتنی پەخشە دیجیتاڵیەکان.

- لەماوەی گۆڕان بۆ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی ، زۆربەی وێستگەکان بۆ ماوەیەکی کاتی بە ئاستي ووزە کەم کاردەکەن. ئەگەر تەلەفزیۆنەکەت ناتوانێت هەندێك وێستگەی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی وەربگرێت( نیشان بدات)، ئەوا ئەمە مانای ئەوە نیە کەوا گیروگرفتێك هەیە لەگەڵ ئەنتێنا یان وەرگرەکەت ( رسیڤەر). پەیوەندی بە وێستگەی تەلەفزیۆنەکە بکە بۆ ئەوەی بزانیت ئاخۆ هەندێك گۆڕانکاری ئەنجام دەدەن بۆ باشتر کردنی سیستەمی وەرگرتنی نیشانەکانی تەلەفزیۆن.

- کاتێك نیشانەیەکی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی بێ هێز بێت وەیان بەیەکداچوونی ( بەیەکداچوونی وێنەکان) لەگەڵدا بێت ، ئەوا ژاژاوە و سپیایەتی و تێك چوونی وێنەکان لەسەر شاشە بەدیار دەکەوێت ، بەڵام تۆ دەتوانیت سەیری ئەم وێنانە بکەیت کەوا دەنگە دەنگی لەگەڵدایە. پەخش کردنی دیجیتاڵی وێنەیەك بە نیشانەیەکی بێ هێزەوە نیشان دەدات وە هەتاکو ئەگەر بەیەکداچوونیش هەبێت . هەرچۆنێك بێت ، ئەگەر نیشانەی دیجیتاڵی لە ئاستي دیاری کراوی بەهێزی بێتە خوارەوە ، ئەوا وێنەکان لەپڕێك نامێنن. ئەم " نەمانی نیشانەکان" مانای وایە کەوا ئەگەر تۆ بەشێوەیەکی تایبەتی سەیری وێستگەکانی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی بکەیت کەوا ژاژاوە و تێکەڵ بوونی زۆری وێنەکانی لەگەڵدایە ، ئەوا لەوانەیە پێویست بکات تۆ سیستەمی ئەنتێنایەکەت دەستکاری بکەیت وەیان بگۆڕیت بۆ وەرگرتن و بینینی نیشایەکی باش بۆ پەخشە دیجیتاڵیەکان.
- دەکرێت وەرگرتنی پەخشی تەلەفزیۆنی کاریگەر بێت بە هەندێك فاکتەر لەوانەش زەوی ، دار و درەخت، بینایە ، کەش و هەوا ( باران ، با، شێداری ) ، لەگەڵ ئامێری تێك و چوو و زیان لێکەووتوو. زۆرجار دەکرێت وەرگرتنی پەخشی دیجیتاڵی تەنها

FCC
Federal Communications Commission ▪ Consumer & Governmental Affairs Bureau ▪ 445 12th St., SW ▪ Washington, DC 20554
1-888-CALL-FCC (1-888-225-5322) ▪ TTY: 1-888-TELL-FCC (1-888-835-5322) ▪ Fax: 1-866-418-0232 ▪ www.fcc.gov/cgb

بەهۆی گۆڕینی شوێنی ئەنتێناکەت باشتر ببێت. لابردن و دوورخستنەوەی ئەنتێنایەکە لە پێکهاتەو و ئامێرەکانی ترت وەیان دانانی لە شوێنی بەرزتر زۆرجار دەبێتە هۆی باشتر کردنی وەرگرتنی نیشانەکان.

- زۆربەی ئەنتێناکان پێویستیان بە گۆڕین و رێکخستنی ئاڕاستەکانیان هەیە بۆ ئەوەی باشترین نیشانە لە وێستگەیەکی تەلەفزیۆنی وەربگرن. بۆ ئەم ئەنتێنایانەی کەوا لە ژوورەوە دانراون ، لەوانەیە پێویستیت بەبەکارهێنانی دەست هەبێت بەهۆی تاقی کردنەوە و دۆزینەوەی هەڵەکان. بۆ ئەنتێنا دەرەکیەکان ، بەکارهێنانی ڕۆتەرێك کەوا ئاراستەی ئەنتێنایەکە رێك دەخات دەکرێت باش بێت ، بەتایبەتی کاتێك هەوڵ دەدەیت پەخشی ئەم وێستگانە وەربگریت کەوا لەچەند شوێنێکی جیاوازەوە پەخش دەکرێن.
- وێستگە تەلەفزیۆنیە دیجیتاڵیەکان هەردووك شەپۆلی VHF ( کەناڵەکانی13-2) لەگەڵ شەپۆلی UHF( کەناڵەکانی51-14) بەکار دەهێنن. زۆربەی ئەم ئەنتێنایانەی کەوا لە ژوورەوە بەکار دێن " ئاریێلی گوێ بەرخ" بۆ شەپۆلی VHF بەکار دەهێنن وە ئەنتێنای " بازنەیی " یان " بۆیانباغی چەماوە " بەکار دەهێنن بۆ شەپۆلی UHF. دڵنیابە لەوەی کەوا تۆ ئەنتێنایەك بەکار دەهێنیت کە لەگەڵ هەردووك شەپۆلی VHF و UHFبەکار دێت وە بە شێوەیەکی دروست بەستراوە.
- ئەنتێنای سادەی ژوورەوە، وەکو ئەنتێنای گوێ بەرخ ، بە ئاستێکی نزم کار دەکات کەوا لەوانەیە بگونجێت یان نەگونجێت بۆ شوێنەکەت. ئەگەر تۆ نەتتوانی بە هۆی ئەنتێناکەی ژوورەوەت نیشانە تەلەفزیۆنیەکان بە شێوەیەکی گونجاو وەربگریت، ئەوا لەوانەیە تۆ بتەوێت ئەنتێنایەکی ژوورەوە بەکار بهێنیت کەوا هەندێك تایبەتمەندێتی لەگەڵ دایە بۆ وەرگرتنی نیشانەکانی UHF بەشێوەیەکی باشتر وەیان گەورەکەری دەنگ (ئەمپلیفایەر) بۆ بەهێز کردنی نیشانە وەرگیراوەکە( زۆرجار وەکو ئەنتێنای چالاکی ژوورەوە ناو دەبرێت).
- بەشێوەیەکی گشتی ، ئەنتێنای دەرەکی نیشانەکان بەشێوەیەکی باشتر لە ئەنتێنای ژوورەوە وەردەگرێت . ئەگەر تۆ پێشتر ئەنتێنایەکی دەرەکیت هەیە وە جۆری باشی نیشانەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی لە کەناڵەکانی VHFو UHF وەردەگرێت ، ئەوا دەبێت ئەنتێنایەکەت بەشێوەیەکی باش لەگەڵ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی کار بکات.
- لەوانەیە کارکردنی ئەنتێنای دەرەکی بە تێپەڕ بوونی کات خراپ بێت بەهۆی کەش و هەوا. ئەگەر هەر گیروگرفتێکت هەیە ، ئەوا سەیری شل بوونەوە یان داخورانی تەلەکان ( وایەرەکان) ، یان شکانی کەرستەکانی ئەنتێنا بکە لەگەڵ دڵنیابوون لە دروستی ئاڕاستەی ئەنتێنایەکە.
- هەوڵ بدە هەتا بکرێت درێژی تەلی ( وایەری) نێوان ئەنتێنایەکە و ڕسیڤەرە دیجیتاڵیەکە کورت بێت بۆ باشتر وەرگرتنی نیشانەکان.
- دەتوانیت یەك ئەنتێنا بەکار بهێنیت بۆ ناردنی پەخشی دیجیتاڵی بۆ زیاتر لە تەلەفزیۆنێك لە ماڵەکەت. بیرت نەچێت کەوا هەر یەك لەم تەلەفزیۆنە ئەنەلۆگیانەی کەوا بەستراوە بە ئەنتێنایەکەت پێویستی بە وەرگێڕی ( کۆنڤێرتەر) دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ دەبێت بۆ سەیر کردنی بەرنامەکانی پەخشی دجیتاڵی.
- "دابەشکەرە کارەبایەکان" کەوا بەکار دێن بەستنی یەك ئەنتێنا لەگەڵ چەندین ڕسیڤەر ( وەرگر) دەبنە هۆی کەم کردنەوەی بڕی ئەم نیشانانەی کەوا لە هەر ڕسیڤەرێك هەیە. ئەگەر تۆ هەر گیروگرفتێك هەیە، ئەوا بزانە ئەگەر وەرگرتنی نیشانەی پەخشکراو باشترە بەبێ بەکارهێنانی دابەشکەری کارەبایی. لە هەندێك حالەتدا دابەشکەری " چالاك" کەوا بەهێزکەری ( ئەمپلیفایەر) لەگەڵدایە دەتوانێت ئەم گیروگرفتە چارەسەر بکات.
- ئەگەر تۆ لە نزیك تاوەری ( بورج) پەخش کردنی وێستگەیەك دەژیت ، ئەوا لەوانەیە وەرگرتنی نیشانەکانی ئەم وێستگەیە و وێستگەکانی تووشی رێگری بن لەلایەن" باری زیادی" نیشانەکان. دەتوانیت " کەم کەرەوەی نیشانەکان" بەکار بهێنیت وەیان بەهێزکەرەکان ( ئەمپلیفایەر) لاببە بۆ باشتر کردنی وەرگرتنی نیشانەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی.
- ئەگەر بڕیاڕ بدەیت ئەنتێنا ( ئاریێل) دەرەکیەکەت بگۆڕیت وەیان یەکێکی تازە دابنێیت، ئەوا هەندێك وێب سایتی وەکو www.antennaweb.org زانیاریت پێدەدات لەسەر شوێنی بورجەکانی ( تاوەر) پەخش کردن و جۆری ئەم ئەنتێنا دەرەکیانەی کەوا گونجاوە لەگەڵ ئەو وێستگانەی کەتۆ دەتەوێت سەیریان بکەیت. ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی هەیە بۆ نوێ کردنەوەی سیستەمی ئەنتێناکەت، ئەوا قسە لەگەڵ فرۆشیاری بەتاکی ئەنتێناکان وەیان وەستای بەستنی ئەنتێنا بکە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گواستنەوەی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ (DTV ) ،ئەوا سەیری سایتی www.dtv.gov بکە وەیان پەیوەندی بکە بە FCC لە رێگەی ئیمەیلی dtvinfo@fcc.gov ، یان پەیوەندی کردن بە (1-888-225-5322) 1-888-CALL-FCC دەنگ وەیان TTY (1-888-835-5322) 1-888-TELL-FCC : وەیان بەفاکس بەژمارەی 1-866-418-0232: وەیان بە نووسینی نامەیەك بۆ :

Federal Communications Commission
Consumer & Governmental Affairs Bureau
Consumer Inquiries and Complaints Division
445 12th Street, SW
Washington, DC 20554

بۆ دەست کەوتنی ئەم بڵاوکراوەیە وەیان هەر بڵاوکراوەیەکی تری بەکارهێنەر بە فۆڕماتێکی ئاسان ( دەقی *ASCII*
ئەلکترۆنی ، برایڵ ، چاپی گەورە، ئۆدیۆی بیستراو) ، تکایە نامەیەکمان بۆ بنێرە وەیان پەیوەندیمان پێوە بکە بەم
ناونیشانە وەیان ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوە ، وەیان ئیمەیلێك بنێرە بۆ ***FCC504@fcc.gov***.

بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر بابەتە و بابەتەکانی تری بەکارهێنەری *FCC* لە رێگەی لیژنەی خزمەتگوزاری
ئەنتەرنێت بۆ بەشداربووان ، کلیك لەسەر ئەم سایتە بکە
***http://www.fcc.gov/cgb/contacts/***

ئەم دۆکیومێنتە تەنها بۆ مەبەستی فێرکردنی بەکارهێنەران دانراوە وە نەك بۆ کاریگەری خستنە سەر هەر
هەنگاو یان حالەتێك کەوا پەیوەندی بەباتەوەکەوە وەیان بابەتی پەیوەندیداری هاوشێوەوە هەبێت

3/14/08